# تا سەرۆك لێرەیە ؟!

ئاسۆعەبدوللەتیف

سەرۆكی كۆمار لە بەغدایە،سەرۆكی هەرێمیش لە هەڵەبجەو سلێمانی، سەرۆكی فەرماندەی ئەنفال و كیمیابارانی هەڵەبجەش زیندانیەو بۆ لەحزەیەكیش كارەبای نابڕێ و خواردن و ماسی برژاویشی بۆ ئەبەن بە چروتەوە !

باشترین دەورانی زێڕین بۆ كورد هەڵكەوتووە كەچی تا هەنووكە حوكمڕانیەكی عەقلانی و دادگەرانەمان نیە و بێئومێدیشم دوور مەوداش هەمانبێ، كوردستان غازو نەوت و بەنزین و تەنانەت ئاوی خواردنی نیە كەواتە قسەو بەڵێنیشی ناوێ؟ كاتێ ئینتیمام ئەبێ بۆ سەرۆك و بۆ حوكمڕانی كورد كە حوكمڕانی كوردیش ئینتیمای خزمەتگوزاری هەبێت بۆم، كەخانووی نیشتەنیم نەبێ دروشم بە فلسێ، ئەمانە قسەی من و هەزارانی وەك منە!

سوننەو شیعە لە شەڕی تایفیدان كەچی حوكمڕاناان و حیزبی كوردی خەریكە پێشمەرگە دەرخواردی ئەو جەنگە تائیفیە ئەدا و تێوەی ئەگلێنن تەنها لەبەر ئەوەی كە پێمان بڵێن كوڕی باشن، كوردوكورد وەزعیان باشەو كاسەیان پڕەوئاشتیان لەماڵە؟! یەكێتی و پارتی وای دەردەخەن كە زۆر ڕێكن و مووی موعاویە بە بەینیاندا ناچێ بەڵام وانیەو بەس كاسەی خۆیان پڕەو ماڵی خۆیان ئاشتیە ئەگینا ماڵی شەقامی كوردی و هەژارانی كورد هەزاران دەردو هەنسك و برسێتی و نەخۆشی تێدایە، ئێستا كەخۆمان سەرۆكی دوو وولاتین پرۆژەیەكی نەتەوەییمان نیە تۆزێ بۆنی دەوڵەتی لێ بێ، هیچ سەرۆكێ نیە بەقەد (سەرۆك)انی كورد بێخەم بن بۆ گەلی خۆیان و بێ پرۆژە بن بۆ وولاتەكەیان، سەرۆك كۆمار دێتە (پێنجوێن) چ لەمەسەلەكە ناگۆڕێ؟ سەرۆكی هەرێمیش دێتە (هەڵەبجە) ئەوهەموو كەلاوەیە ئەبینێ و شار هەر وێرانەیە، دەیان خۆپیشاندان ئەكرێ و خەڵك ئەكوژرێ مەیلێك نیە بۆ بۆ وازهێنانی سەرۆك و سەركردەو وەزیرێك؟ ئەم سیستمی ئیشكردنە سیستمێكی ناكۆكە بە هەموو ئەو ئەتەكێتانەی كە هەر حوكمڕانیەك پێویستە هەیبێ كە لاوازترینیان سیستمی چاودێری و لێپرسینەوەیە بۆ بەرپرسان و لادانەكانیان.

من لە سەرۆك بارزانی ئەپرسم ئایا لەسەر دزی و كڕینی باخ وڤێللا بەرزەكانی بەرپرسان چەند بەرپرس گیران و دادگایی كران؟ یان ئەوانە حیزبین و هێز نییە بیانگرێ؟ خۆگەر ڤێللاو باخێكیشیان دەستی بەسەرا بگیرێ نامرن لە برساوپارەی دەیان ڤێللایان لە جەیبەو لە مەسئولیەت نەخراون؟ ئەی كەی لە مەسئولیەت ئەخرێن؟

بۆیە كوردستان ئاوەدان نابێتەوە تاوەكو ئەو مژین(امتصاص)ە ژێربەژێرانە هەبێ لە دزی و جیاوازگەری لە شارەكاندا، حوكمڕانی ئەوەنیە هەموو ساڵێ گەل بەڵێنی پێ بدرێ بۆ ئاوەدانی و ئیمتیاز بۆ گەرەك و شارەكەی،شاری من و تۆ جیاوازی چیە؟حوكمڕانی لە هەرە پێناسە سادەكەیدا ئەوەیە كە عەدالەتخوازبێ لە سەرفكردنی پارەو سەرمایەی نیشتیمانیدا، ئەوەچیە شارهەیە وەكو قارچك هەڵئەتۆقێ لە ئاوەدانیداو شاریش هەیە وەك كرمەلیقە بچوك ئەبێتەوە؟! دواجارخراپترین سەرۆك ئەو سەرۆكەیە كە ئۆردویەك چەپڵەگێرەموجامیلچی و تێرو بەرخۆری بەدەورایەو ناهێڵن سەرۆك بەر ئازاری واقع و رەخنەی جددی بكەوێت و كەم و كورتیەكان و گەندەڵیەكان بزانێ و ببینێ، بۆیە تكایە تا سەرۆك لێرەیە.. بهێڵن با زۆرترین رەخنەی لێبگرین تا زۆرترین نهێنی بۆ كەشفكەین.